

# گرفتی ئاکاری‌و چارەسەرکردنی لای ئەفلاتون

ویل دیورانت
لەئینگلیزییەوە: عوسمان ئەحمەد

شوێنی ئەم دیالۆگە لەماڵی سیفالۆسە، کە ئەرەستۆکراسییەکی دەوڵەمەندە، ئامادەبوانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتین لەمانە، گلاکۆن، ئەدیمانتۆس کە برای ئەفلاتونە، لەگەڵ تراسیماخۆس کە سۆفیستاییەکی زبرو ئاڵۆزاوە، لەگەڵ سوکرات کە لەم دیالۆگەدا ئەفلاتون لەزمانی[1] ئەوەوە قسە دەکات، سیفالۆس پرسیار دەکات: (بیرکردنەوەی تۆ چییە دەربارەی گەورەترین ڕەفاهی (نیعمەت) کە لەسامانەوە بەدەست بێت؟) وەڵامی سیفالۆس ئەوەیە سامان نیعمەتێکی سەرەکییە چونکە بوارت پێدەدات بەخشندەو دەست پاكو دادپەروەر بیت. دواتر سوکرات بەفێڵبازییەکی باو پرسیاری لێدەکات، مەبەست چییە لەدادپەروەری، لێرەدا شلۆقی ڕێگە بەسەگەکان دەدات کە بێنە ناو شەڕێکی فەلسەفییەوە. هیچ شتێك بەقەدەر پێناسەی ئەمە قورس نییە، هیچ شتێك وەك تاقیکردنەوەو راهێنانی وردو شارەزایانەی هۆش سەخت نییە. سوکرات بۆ رووخاندنی کەسێك گرفتێکی سادە دەدۆزێتەوە پاش ئەوەی یەکێکیتر پێناسەکانی پێشکەش دەکات، هەتا دواجار تراسیماخۆس، کە ئارامی لەوانیتر کەمتر دەبێت، بەنەڕەوە قسەکان دەبڕێت. (ئەی سوکرات ئەم گەمژەییە چییە تۆ هەتە؟ بۆچی بەڕێگەیەکی قۆڕ دەتەوێت هەمووان لەبەردەم یەکێکدا بچەمێتەوە؟ تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەگەر تۆ دەتەوێت بزانیت دادپەروەری چییە، پێویستە وەڵام بدەیتەوە نەك پرسیار بکەیت، وە پێویست ناکات شانازی بکەیت بەوەی ئەوانیتر بەدرۆ دەخەیتەوە.. چونکە هەندێ کەس دەتوانن پرسیار بکەن بەڵام ناتوانن وەڵام بدەنەوە) لە1336. سوکرات نەترسا. بەردەوام بوو لەپرسیارکردن لەجیاتی وەڵامدانەوە، دوای دەقیقەیەك لەوروژاندن بەتوندیو توڕەییەوە وەڵامی ناهۆشیارییەکەی تراسیماخۆسیدایەوە ئەمەش بۆ ئەوەی تراسیماخۆس خۆی پابەند بکات بەپێناسەکانەوە: سۆفیستێکی تووڕە هەڵیدایەو وتی: (ئینجا گوێبگرە) ئەوە رادەگەیەنم کە هێز مافە، دادپەروەری لەبەرژەوەندی بەهێزدایە.. کە ئەمەش لەشێوازە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتدا یاسا دروست دەکات، شێوازەکانیش بریتین لەدیموکراسی، ئەرەستۆکراسی، یا ئۆتۆکراسی، یاساکان لەڕوانگەی ئەوانەوە دادەنرێنو دەبێت ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی ئەوانە بکات، هەروەها

یاسا لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی دروست کراوە، بانگەشەی ملکەچی خەڵك دەکەن بۆ (دادپەروەری) لەکاتێکدا یەکێکی (نادادپەروەر) سزا دەدەن کە گاڵتەیان پێبکات.. من لەچوارچێوەیەکی فراواندا باسی دادپەروەری دەکەم، وە زۆرتر مەبەستەکەم ئەوەیە حەز دەکەم ئەوە لەئۆتۆکراتییەوە ببینم، کە بەهۆی گزیو زۆرلێکردنەوە بەسەر ئەوانیتردا سەردەکەوێت، دیارە پلە بەپلە دەسەڵات زەوت ناکات بەڵکو یەك جار زەوتی دەکات. ئێستا کاتێ پیاوێك بەبەردەوامی پارەی لەهاووڵاتیان سەندبێو ناچاری کۆیلایەتیشی کردبن. لەجیاتی ئەوەی لەلایەن هەموو هاووڵاتیانەوە پێی بووترێ دز یا فێڵباز پێی دەوترێ سەرفراز بەمەش دڵخۆش دەبێت. ئەمە لەکاتێکدا سەرزەنشتی ستەم ناکەن، چونکە ترسێنراونو ترسیان چەشتووە، ئەمەش لەڕاڕایی دەسەڵاتەکەیانەوە نییە، بۆیە پێدەچێت خۆیان نادادپەروەربن)(338-44).

بێگومان، ئەمە بیروباوەڕێکە کە زۆرتر لەمرۆڤماندا بوونی هەیە یا راستر وایە بڵێین کەمتر پەیوەندی بەنیچەوە هەیە. (لەڕاستیدا هەندێ بەبێ هێزەکان پێکەنیوم چونکە وایان بیرکردۆتەوە کە خۆیان باشن، بەڵام قاچیان شەلە (بێ دەستو پەڕن)[2] ستێنەر بەکورتی ئەم بیرۆکەیەی دەربڕیوە دەڵێ: (کەمێك لەزۆرێك لەماف باشترە) پێدەچێت ئەفلاتون خۆی ئەم بیروباوەڕەی لەجێگەیەکی تری مێژووی فەلسەفەدا باشتر دەربڕیبێت کە ئەویش دیالۆگێکیتریەتی بەناوی گۆرگیاس (483f) لەم دیالۆگەدا کالیکلیسی سۆفیست بەئاشکرا رەخنە لەئاکار دەگرێت چونکە داهێنراوی بێ هێزەکانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێزی بەهێزەکان. ئەمانە پیاهەڵدانو سەرزەنشتکردن لەسۆنگەی بەرژەوەندییەکانیانەوە ئەنجام دەدەن، دەڵێن ناپاکی شەرمەزارییەو ستەمیشو ویستێکە کە زۆرتر هاوسێی ناپاکییە، چونکە ئەمانە دەزانن کە هەڵەو کەموکورتیان تێدایە، بۆیە پێویستە تەنها بەهەبوونی یەکسانی دڵخۆش بن..بەڵام ئەگەر ئەم مرۆڤە بەپێی پێویست هێزی نەبوو (ئەوا سۆپەرمان (باڵا مرۆڤ-وەرگێڕ) دێتە ناوەوە) کە پێویستە کەسێك بێت بهەژێنێو لەهەموو شێوازەکان خۆی دەرباز بکاتو سەرکەوتوو بێت، پێویستە هەموو کارتێکردنو جادوو و رێساکانمان بخاتە ژێر پێیەوە، دیارە ئەمەش گوناهێکە پێچەوانەی سروشتە.. ئەوەی ئەم کەسە پێکیدێنێت ژیانێکی راستیانەیە کە پێویستە لەم ژیانەدا رێ بەئارەزووەکانی بدات بۆ ئەوەی مەودای زیاتر وەربگرن تا ئەوپەڕی مەبەست، بەڵام کاتێ ئەمانە لەگەورەترین گەشەدان پێویستە ئازایەتیو زیرەکییەکی وەهایان هەبێت کە پێی بگەنە ئاستی وەزیر، وە شەوقێکی زۆریان هەبێت لەمەدا، وە پێ لەسەر ئەوە دادەگرم ئەمە ببێتە دادپەروەرییەکی سروشتیو شەریفانە، بەڵام هەندێکیان ناتوانن ئەم کارە بکەن، کەواتە ئەمانە ئەو کەسانەن کە سەرزەنشت دەکرێن بەوەی کە توانایان نییەو خۆیان شەرمەزارکردووە، ئەمانە بەشێوەیەکن کە ئارەزووی شاردنەوە دەکەن، بەمەش ئەمانە دەبنە سەرەتای لادان.... ئەمانە نابنە کۆیلە چونکە بەسروشتی خانەدانن، وە تەنها ستایشی دادپەروەری دەکەن، چونکە ئەمانە ترسنۆکن. ئەم دادپەروەرییە بۆ پیاوە سەربەستەکان نییە بەڵکو بۆ خزمەتکارەکانە ئەمەش ئاکاری کۆیلەیەو ئاکاری پاڵەوان نییە. ئەمەش راستی فەزیلەتەکە بریتییە لەزیرەکیو ئازایەتی پیاوی ئازاد.[3] پێدەچێت ئەم (بێ رەوشتییە) قورسە لەئەنجامی گەشەکردنی ئیمپریالیزم بووبێت لەسیاسەتی دەرەوەی ئەتینادا کە ئەمەش مامەڵەیەکی دڵ رەقانەیە لەگەڵ دەوڵەتە بێ هێزەکاندا.[4] لەو ووتارەدا کە سیۆدۆکسی مێژوونووس لەسەری نووسیووە، پارکلیس (سەرکردەی دیموکراتی ئەسینا-وەرگێڕ) ووتویەتی (تۆ ئیمپراتۆری) (لەسەر ئەو هێزەی هەتە بناغە

دابنێ ئەمەش ویستێکی باشە لەسەر خراپەکانت). وە هەمان ووتاری ئەو مێژوونووسە گرنگی دەدات بەنوێنەری ئەسینییەکان (میلۆس) وە کاریگەری لەسەر پەیوەندیکردنی ئەسینییەکان بەشەڕەوە لەدژی ئەسپارتە. (ئێمە دەزانین ئەوەی ئەنجامی دەدەین راستە، چونکە دنیا وا گوزەر دەکات، بەڵام ئەوە نەبێت ئەمە بۆ یەکسانی بێت لەهێزدا، بەڵکو بەهێز هەرچی لەتوانایدا بێت ئەنجامی دەدات، وەبێ هێزەکانیش دەبێت ئەمە بچێژن)[5] (ئەوەی لێرەدا هەمانە بناغەی گرفتی ئاکارییە، وە کرۆکی ئاکاری هەڵس وکەوتە. دادپەروەری چییە؟ وە ئایا بەدوای گوێڕایەڵیدا بگەڕێین، یا بەدوای هێزدا؟- وە ئایا ئەمە دەبێتە چاکە یا دەبێتە هێز؟ سوکرات چۆن لەم بابەتەدا کاری کردووە- وە ئەفلاتون چۆن رووبەڕووی ئەم تیۆرە دەوەستێتەوە؟ لەسەرەتادا ئەفلاتون لەم بابەتەدا ناگاتە ئەنجامێك، وە ئاماژە بەوە دەدات کە دادپەروەری پەیوەندییەکە لەنێوان تاکەکاندا، دیارە ئەمە پشت بەڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، وە لەئەنجامی ئەمەشدا لێکۆڵینەوەیەکی باشتر بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەسیفەتی هەڵسوکەوتی تاکەکانیشی کۆڵیوەتەوە.

ئەگەر بتوانین وێنەی دەوڵەتێکی دادپەروەر لەو پێشنیارەدا بکێشین کە ئەفلاتون کردویەتی و تیایدا پۆزش بۆ ئەو لادانەی خۆی دێنێتەوە کە بەهۆی تاقیکردنەوەی خەونی مرۆڤەکانەوە ئەنجامیداوە، دیارە ئەفلاتون یەکەمین خوێندنەوەی گەورەی لەو جۆرەی بۆ ئەنجام داوین، ئەفلاتون دەڵێت، راڤەکردنی دادپەروەری لەچوارچێوەیەکی فراواندا ئەنجام بدرێت ئاسانترە لەوەی لەسەر چوارچێوەیەکی بچوکی ژینگەی تاك ئەنجام بدرێت. بەڵام لەوانەیە پێویستمان بەو فێڵە نەبێت، چونکە لەڕاستیدا ئەفلاتون بەش بەش لەدووکتێبدا ئەمە دەکات، لەم کتێبانەدا ئارگومێنت وەك دەرزی دوورمان بەکاردێنێت، لێرەدا نایەوێ تەنها گفتوگۆ دەربارەی گرفتە تاکە کەسییەکان بکات، بەڵکو گفتوگۆ دەربارەی گرفتە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان دەکات و سەرلەنوێ بینایان دەکاتەوە، چونکە سورە لەسەر بەدیهێنانی ئەو یۆتۆپیا بالآیەی کە هەیەتی. کە بۆ دەرچوون لەبابەتی کاکڵەی فۆڕمەکان بەئاسانی دەست بەرداری ئەمە دەبێت وە ئەمەش بەهای کتێبەکەیەتی.

* * * *

**چارەسەر**

ئایا ئێستا ئامادەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە لەسەرەتادا کردمان- دادپەروەری چییە؟ تەنها سێ شت لەدنیادا بەسوودن کە بریتین لەدادپەروەری، جوانی و راستی، لەوانەیە کەس نەتوانێ پێناسەی ئەمانە بکات. چوارسەد ساڵ دوای ئەفلاتون فەرمانڕەوایەکی رۆمانی ئەو پرسیارەی کردووە، (راستی چییە؟)- دیارە هێشتا فەیلەسوفەکان وەڵامیان نەداوینەتەوەو پێیان نەووتووین جوانی چییە. بەڵام ئەفلاتون زاتی ئەوەی کردووە کە پێناسەی دادپەروەری بکات. ئەڵێت: (دادپەروەری ئەوەیە ئەگەر یەکێك هەیبێت واتە خاوەنی دادپەروەری بێت پێویستە کاری پێبکات)(433).

ئەم پێناسەیە دەنگێکی نائومێدانەیە، دوای ئەوەی گیرۆدەبووین و زۆرمان چاوەڕێ کرد. کەچی گوێمان لەوەحیەکی دوور لەهەڵە نەبوو پێمان بڵێت و واتای ئەم پێناسەیە چییە؟ واتای ئەوەیە مرۆڤەکان هەرچییەك بەرهەم بێنن پێویستە بەیەکسانی لێی سوودمەندبن، وە پێویستە ئەو ئەرکە راپەڕێنن کە بەشێوەیەکی باش گونجاوە بۆیان، مرۆڤی دادپەروەر ئەو کەسەیە کە لەشوێنی کارکردنیدا بەڕاستی کاردەکات، وە ئەو هەوڵەی دەیدات یەکسان بێت لەگەڵ ئەوەی کە وەری دەگرێت کەواتە پێویستە کۆمەڵگەی پیاوە دادپەروەرەکان کۆمەڵێکی گەورەو بالآبێت وە چالاك بێت و کارلێك بکات. پێویستە هەر رەگەزێك یا

بابەتێك بۆ شوێنەكەی خۆی گونجاوبێت، ئەو كات رووبەكی گونجاو وەردەگرێت كە كارەكانی بەگونجاوی رادەپەڕێنیٚ ئەمەش وەك كۆكردنەوەی ئامێرەكان وایە لەناو ئۆكسترایەكی تەواودا. دادپەروەری لەكۆمەڵگەدا پێویستە شتێك بێت وەك كارلێكی ئەو پەیوەندییانە وابێت كە ئەستێرەكان لەجووڵەیەكی رێكخراودا تیایدا كۆبوونەتەوە، (یا وەك ڤیتاگۆراس دەڵێت، پێویستە ئەو جووڵەیە مۆسیقی بێت). هەروەها رێكخراوبن، ئەو كات ئەم كۆمەڵگەیە شیاوی مانەوە دەبێت، بەم شێوەیە دادپەروەری مۆڵەتێكی رەسمیشێوەدارووینی وەردەگرێت. كە تیایدا پیاوەكان لەدەرەوەی شوێنە سروشتییەكانیانن، وەك كاتێك پیاوانی بازرگان لەپلەی پیاوانی دەوڵەت كەم دەكەنەوە، وە كاتێك سەرباز دەست دەگرێت بەسەر شوێنی پاشادا (فەیلەسوفدا) هاوكاری نێوان بەشەكان تێك دەچێت، سەرەنجام ئەم كۆمەڵگەیە هەڵدەوەشێتەوەو بەرت‌وبلاو دەبێت. لەمەوە كەواتە دادپەروەری گونجانێكی (Coordination) كارایە، بەهەمان شێوە دادپەروەری لەتاكیشدا گونجاوی‌و رێكخستنێكی كارایە، كاری رەگەزە گونجاوەكان ئەوەیە هەر رەگەزەو لەشوێنی خۆیدا بێت. هەریەك لەرەگەزەكان سەردەكێشن بۆ رۆڵ بینین لەرێكخستنی هەڵس‌وكەوتدا، هەموو تاكێك بیٚ سەرەوبەرە دەبیٚ لەویست‌و بیرۆكەكاندا.

لێگەڕیٚ با هارمۆنیەت كاری خۆی بكات، بۆ ئەوەی تاك بەسەركەوتوویی بژی. وەرێیان پێبدریٚ بچنە شوێنەكانیان‌و پێگە شیاوەكانیان وەربگرن، ریٚ بەسۆز دەدرێت بۆ ئەوەی هەوڵ بدات ببێتە روناكی لەكاركردندا ئەمە سەرەڕای ئەوەی گەرمی دەبەخشێت (وەك لەدەمارگیریدا)، یا ریٚ بەفكر دەدرێت كە هەوڵ بدات گەرمی ببەخشێتە كردار لەكاتێكدا ئەمە روناكییە (وەك لەرۆشنبیریدا) ئەمەش دەستپێكی دارمانی كەسایەتییە، وە دواجار بەرەو نائومێدی دەڕوات‌و ناچار دەبێت بۆچونەكانی هەر لەتاریكی شەودا بن. دادپەروەریش دەبێتە رژێم‌و جوانی بەشەكانی رۆح، ئەمەش بۆ رۆح وەك تەندروستی وایە بۆ جەستە. هەموو خراپەیەك بەهۆی نەبوونی كارلێكی نێوان مرۆڤ‌و سروشتەوە روودەدات، یا لەنێوان مرۆڤ‌و خەڵكدا، یا مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا.

لێرەدا ئەفلاتون وەلاٚمی تراسیما خۆس‌و كالیكلیس دەداتەوە، كە ئەم وەلاٚمدانەوەیە وەلاٚمدانەوەیەكی هەمیشەیی (ئەبەدییە) بۆ هەموو نیچەییەكان: دادپەروەری تەنها هێز نییە، بەڵكو كارلێكی هێزە لەگەڵ ئارەزووەكاندا وە رێكخستنی مرۆڤەكانە لەرێكخستنێكی دیاریكراوو زیرەكانەدا. دادپەروەری تەنها بەهێزەكان نییە، بەڵكو كارلێكی چالاكە بۆ هەمووان. ئەمە ئەو راستییەیە كە بەردەوام تاك لەپێگەی خۆی دەردەچێت‌و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت سروشت‌و بلیمەتییەكەی بگونجێنیٚ پێدەچێت لەم كاتەدا هەندیٚ سوودو بەرژەوەندیشی دەست كەوێت، بەلاٚم بەدوای ئەمەدا تۆڵەی خواوەنددێت–وەك ئەنكساگۆراس بەشێلگیرییەوەو وتوویەتی فۆریس[6] بەدوای هەموو ئەو ئەستێرانەدا دەگەڕیٚ كە رێی بازنەكەی خۆیان وون كردووە. ئەمەش گورزێكی سروشتی ترسناكە كە رێڕەوێكی بەرگری كەرانە دەگرێتەبەر بۆ گەڕانەوەی ئامێرە مۆسیقییەكان بۆ شوێنی سروشتی خۆیان. لەوانەیە ئەفسەری پلەیەكی كۆرسیكی (ناپلیۆن) هەوڵی ئەوەی دابێت بەهۆی دیپسۆتیزمێكەوە فەرمانڕەوایی ئەوروپا بكا كە ئەم دیسپۆرتیزمە زۆرتر لەمۆنارشیزمی دێرینەوە نزیكە كە ئەمەش زۆرتر لەگەڵ فەرمانڕەواییكردنی بنەماڵەدا گونجاوە كە لەچاوتروكانێكدا لەدایك بووە، بەلاٚم لەكۆتایدا لەزیندانێكدا كە لەسەر بەردێكی ناو دەریادا بوو خۆی بینییەوە. دان بەوەدا دەنێت كە ئەو (بەندەی سروشتی شتەكانە) وە ستەم كۆتایی دێت‌و بەردەوام نابێت.

هیچ شتێکی تازە لەم بۆچونەدا بەدی ناکرێت، لەڕاستیدا پێویستە کاری چاك لەوەدا ببینین کە گومان لەهەموو بیروباوەڕێکی فەلسەفی بکەین کە شانازی بەبوونی تازەیی خۆیەوە دەکات.

هەمیشە ڕاستییە جێگیرەکان دەگۆڕێن (وەك ئەو هەموو خۆدەرخستنەی خانمان هەیانە)، بەهەمان شێوە هەمیشە لەژێر دابونەریتێکی تازەدا دەمێننەوە. لەئاکاردا پێویستمان بەداهێنانی ڕاچڵەکاندن نییە ئەم سەرکەشییە خۆشەش بەزۆری لەسۆفیستەکانو نیچەییەکانەوەیە، کە هەموو بۆچوونە ئاکارییەکانیان بەدەوری چاکەی گشتیدا دەسوڕێتەوە. ئاکارناسی لەگەڵ کۆبوونەوەو ڕێکخستندا دەست پێدەکات. ژیان لەکۆمەڵگەدا داوای دەستبەرداربوونی هەندێ لەسەروەرییەکانی تاك دەکات بۆ سیستەمی گشتی. وە پێویستە سروشتیش بەم شێوەیە بێت، ئەمەش بڕیاردانێکی یەکجاریو هەمیشەییە، ژیانی گشتی هەر گروپێك بەهۆی ململانێ لەگەڵ گروپێکی تردا دەمێنێتەوە، ئەمەش بەپێی یەکیەتیو هێزو توانای ئەندامەکانی دەبێت لەپێکەوەگونجاندا (Cooperation) دیارە ئەمەش لەپێناوی مەبەستی هاوبەشدایە. ئایا ئەمە باشترین گونجاندن دەبێت کە بەباشترین شێواز کاری خۆی بکات؟ ئەمە ئامانجی ڕێکخستنێکە، پێویستە هەر کۆمەڵگەیەك ویستی ژیانی هەبێت ئەم کارە بکات. مەسیح (د.خ) دەڵێ، ئاکار بەزەیی بەرامبەر بێ هێز، نیچە دەڵێت، هێز ئازایەتییە، وە ئەفلاتونیش دەڵێت، ئاکار کارلێکێکی چالاکە بۆ هەمووان. لەوانەیە ئەم سێ بیروباوەڕە هەموویان تێکەڵکرابن بۆ دۆزینەوەی ئاکارێکی کامڵ، بەڵام ئایا دەتوانین گومان لەو سەرەتایانە بکەین کە بناغەیین.

**سەرچاوە:**

The Story of Philosophy by will Durant

**پەراوێزی وەرگێڕ:**

1.دیارە مەبەستی دیورانت لەم دیالۆگە کتێبی (کۆمارە). ئەفلاتون لەسەرجەمی دیالۆگەکانیدا یا بڵێین کتێبەکانیدا بەناوی سوکراتی مامۆستایەوە قسە دەکات. تەنها لەدوایەمین کتێبیدا نەبێت کە ئەویش ساساکانە (laws). ئەفلاتون کتێبەکانی شێوەیەکی گفتوگۆ ئامێزیان هەیە کە تیایاندا سوکرات لەگەڵ چەند کەسێکدا دەکەوێتە مشتومڕو بیروڕای زۆر دەربارەی بابەتێك دەردەبڕدرێت هەر لەسەرەتاوە (هەندێ جار تا کۆتایی) ئامادەبوان نیقاشێکی زۆر لەگەڵ سوکراتدا دەکەنو بەرپەرچی بیروڕاکانی دەدەنەوە، بەڵام لەکۆتایدا قسەکانی سوکرات ڕاست دەردەچنو بەرامبەرەکانیشی قەناعەت بەمە دەکەن ئەمەش سروشتی کارەکانی ئەفلاتونە.

2.(وەهای گوت زەردەشت) ل166 – Thus Spoke Zarathustra, New York, 4906,P.166.

3.مەکیاڤیلی وا پێناسەی فەزیلەت دەکات کە کۆی هێزی عەقڵیە Gorgias (cf,49).

4.Barker, p.73.

5.History of Peloponnesian War, V.105.

6.فۆریس: خواوەندی تۆڵەسەندنەوەیە لای یۆنانەکان.

(ئەمە بەشی چوارەمو نۆیەمی فەسڵی سێیەمی کتێبی بەسەرهاتی فەلسەفەی ویل دیورانتە.